# دەبێ خانەقین بگەڕێتەوە ئامێزی کوردستان ... قەیس قەرەداخی

گومان لەوەدا نەما کە جیاوازی نێوان رژێمی دیکتاتۆری سەدام و هەمو ئایدلۆژیا جۆراو و جۆرەکان لە راستەوە بۆ چەپ دەر هەق بە کێشەی کورد و کوردستان جیاوازی نێوان ئەم دیو ئەو دیوی پارەیەکی قەڵبە.

ئاشکرایە کە سەرەک وەزیرانی عێراق ئیبراهیم جەعفەری و هەمو ئەو کەسانەی هاوسۆزی ئەون لە عێراقی نوێی دوای عەرشی روخاوی بنەماڵەی عۆجە بە چی جۆرێک لە گەڵ کێشەی کەرکوک مامەڵەیان کردووە تا کار گەیشتوەتە ئەوەی نەک هەر ئارتیکڵی ژمارە (58) لە یاسای بەرێوەبردنی کاتی عێراقی پشتگوێ بخرێ بەڵکو هاتوە پارەو پوڵێکی زۆری تەخان کردووە بۆ سەرلەنوێ زیندوو کردنەوەی یاسای عەرەباندنی شاری کەرکوک کە بە شێوەیەکی بەڵگە نەویست سەڵماندرا کە برە پارەیەکی زۆر بە چەندین خێزانی عەرەب دراوە بۆ دووبارە گەرانەوەیان بۆ زێدی باب وباپیرانی کوردان، داخی گەورە ئەوەیە کە کارێکی چەپەڵی وا دەکرێت لە لایەن حکومەتێکەوە کە کورد هابەشی سەرەکیە تێیدا.

هەر چۆنێک بێت دام و دەزگای جەعفەری توانیان کێشەی کەرکوک لە دەستووری عێراقدا بخەنە ژێر رەحمەتی زەمەنێک کە تا کۆتایی ساڵی 2007 درێژەی هەیە کە کەس نازانێ کڵاوی دەسەڵاتی کورد بای چی تاکتیکێک لە گەمەی هەڵبژاردندا دەیبات و ئەو دەم چۆن چۆنی گۆڵ لە تۆری بێ گۆڵچی تیپی کورد دەکرێ، ئەمەیان دەکرێ تێگەیشتنێک بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ئاستیدا نیشان بدەین و تا رادەیەک پاساوەکان قبوڵ بکەین، بەڵام چی پاساوێک قبوڵ دەکرێت دەر هەق بە خانەقین و دەستە خوشکەکانی کە بێ ئەوەی هێزەکانی بەرامبەر هیچ بەربەرەکانی ئەو تۆی نیشان دابێت تا ئێستا نەهاتونەتە ئامێزی گەرمی کوردستان؟

خانەقین نمونەی شارەکی شۆرشگێری ماندونەناسی ئەم کوردستانەیە کە رێرەوی مێژووی پڕ سەروەری و قوربانی دانی بێ شومارە، هەر لە گەڵ پرۆسەی ئازادی عێراقدا توانی لە زەرفی چەند رۆژێکدا خۆی لە ئاسەواری تەعریب و تەبعیس و تەهجیر پاک بکاتەوە بە شێوەیەک بۆ سەرکردایەتی کورد هێچی ئەو تۆی نەهێشتەوە تەنها ئەوە نەبێت کە بە ئاسانی لە بەغدا بە بریارێک یەک لەم دووەی خوارەوە بە جێ بهێنن:

1: - خانەقین و ناحیەو گوندەکانی بگەرێننەوە سەر هەرێمی کوردستان کە داواکاریەکی رەوای خەڵکی ناووچەکەیە.
2: - خانەقین لە پارێزگای دیالا جودا بکرێتەوە و بریاری نوێکردنەوەی پارێزگایەکی بۆ دەربچێت کە هەر لە دروستکردنی عێراقەوە ئەو بیرۆکەیە هەیە بەڵام بە پاساوی نزیک بونی خانەقین لە سنوری ئێران ئەو بیرۆکەیە لە ئەرشیفەکاندا هەڵگیراوە و مامەڵەی لە گەڵ ناکرێ، بەڵام لە پشتی ئەو پاساوەدا بریارێکی شۆڤینی عەرەبی هەیە کە حکومەتە

یەک لە دوای یەکەکانی عێراق دەیانخواست کەمینەیەکی کورد هەمیشە لە ناو زۆرینەیەکی عەرەبیدا بشارنەوە.

هیچ لەو دو خاڵەی سەرەوە بە داخەوە نەکرا و خانەقین هەر وەک خۆی مایەوە وەکو قەزایەک لە قەزاکانی پارێزگای دیالا کە سەدام حوسێن ناوی پارێزگای روو سپی لێ نا لە بەر ئەوەی گوایە لە راپەرینەکانی خەڵکی عێراق لە ساڵی 1991 بەشداریان نەکردووە دژ بە رژێمە بۆگەنەکەیان، دیارە چالاکی کۆنە بەعس و گروپە ئیسلامیە رادیکاڵەکانی هاوسۆزیانیش لە دوای روخاندنیان لە سەرجەم پارێزگاکانی تری عێراق زیاتر بو، ئەوە بو هەر وەکو دیتمان لە نێوەندی شاری باقوبە دەستەیەک لە لاوانی خانەقین بە دڕەندەترین شێوە تیرۆر کران و لە نیوەرۆی رۆژی هەینی رابردووشدا گەورەترین تاوانی تیرۆریستی تێدا ئەنجام درا کە قوربانیەکەی چەن سەد کەسێک لە شەهید و بریندار بوو.

دەبێ ئیتر دوای ئەم کۆ کوژیە چاوەروانی چی کارەساتێکی تر بکەین بۆ ئەوەی بوێریی نیشان بدەین لە چەسپاندنی داواکاریەکانی جەماوەر؟
نازانین چی لە کارەساتێ وا خەراپتر روو دەدات گەر بەرپرسانی خانەقین یاخی بوونی خۆیان لە حکومەتەکەی جەعفەری رابگەیەنن وسەرکردایەتی و بنکردایەتی کوردیش لە پشتی وان بوەستن؟
ئەمرۆ لە سبەی درەنگترە بۆ ئەوەی یەک لە دوای یەک شارەکانی کوردستان بگەرێنەوە ئامێزی گەرمی کوردستانەکەیان چون شوێنی کورد لە سەنتەری بریاردانی عێراێکی ئارامی داهاتوو بە گوێرەی دڵی تاکی سەر شەقامی کوردی نابێ، چون ئەم نێوەندی سوننەو شیعەی ئێستا گۆلاوی خوێنیان لە بەینە، سبەی لە ئاستی کێشەکانی کورد و کوردستاندا دەنگیان دەکەن بە یەک و دەنگی کوردیش هەر بە نێوی کەمینە دەبێ دووی زۆرینە بکەوێت کە پرەنسیبێکی دیموکراسی پەیرەو کراوی دونیایە دەخنکێندرێت و ئەوسا مەگەر هەر بێژین (حەیدەرین قەلەندەرین).